وەزارەتـی نــاوخـۆ
ئـیدارەی گــەرمیـان
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان
ژمارە : 1117
ڕێکەوت : 15 / 4 / 2025

بانگهێشتی گشتی

**کەمکردنەوەی نهێنی/ژمارە(GP.12- 2023) تەندەری پرۆژەی**

# ( نۆژەنکردنەوەی سیستمی ڕووناکی دەروازەی شەقامی دوو سایدی گردەگۆزینە و سیستمی قەڵای شێروانە)

# بۆ جاری سێیەم

**کەمکردنەوەی نهێنی / بانگهێشتی کراوە**

ئاگــــاداری ســــەرجەم بەڵێنـــــدەر و کۆمپانیاکـــــان دەکەیــــنەوە کە تەنـــــدەر ی پــــرۆژەی نــــاوبراوی ســــەرەوە هەیە , کە ئامــادەکراوە لە لایەن ( ب.گ. کارەبــای گەرمیــان ) , لەســەر بــودجەی ڕێــژەی ( 8%) داهــاتی کارەبــا جێبەجــێ دەکرێــت , هەرکەس ئـارەزووی بەشـداری کردنـی هەیە بـا سـەردانی ب.ژمێریـاری لە دیـوانی ئیـدارەکەمان بکـات بەمەبەسـتی وەرگرتنـی تەنـدەر . مـاوەی جـێ بەجێکردنی پرۆژەکە(120) سەدو بیست ڕۆژی تقویمی یە.

- ئەم کەمکردنەوە گشتی یە بەپێی ڕێنمایی جێ بەجێکردنی گرێبەستە حکومی یەکان ژمارە(2) ساڵی (2016) جێ بەجێ دەکرێت کە کراوەیە بۆ هەموو پێشکەش کارانی تەندەر .
- وەرگرتنــی تەنــدەر لە ڕۆژی ( یەک شــەممە 20 / 4 /2025)ەوە دەســت پــێ دەکــات تــا ڕۆژی (پێــنج شــەممە 8 / 5 / 2025) کاتژمێر ( 9 )ی سەر لە بەیانی تا ( 11:00 ) ی پێش نیوەڕۆ لە ئیدارەی گەرمیان بەرامبەر بە ( 50,000) پەنجا هەزار دینـار کە نـاگەڕێتەوە بـۆ خاوەنەکەی وە کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کەم کردنەوەکەی بۆ دەردەچێت .
- دوا کاتی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی (یەک شەممە 11 / 5 / 2025) کاتژمێر (11:00 )ی پێش نیوەڕۆ یە و ڕۆژی ئاشکرا کردنی تەندەر لە هەمان ڕۆژ کاتژمێر (11:00)ی پێش نیوەڕۆ یە و لە کاتی پشووی فەرمی دا دوا دەخرێت بۆ ڕۆژی دواتر.
- ئەکرێت پێش کڕینی تەندەر خوازیار بۆ بەشداری کردن سەیری بەڵگەنامەکانی تەندەر بکات.
- بەشداربوان بۆ هەر پرسیار و ڕوونکردنەوەیەك لەسەر تەندەری پرۆژەکە دەتوانن سەردانی ئیدارەی گەرمیان بکەن .
- مەرجەکان:

1- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کەبەشداری دەکەن پلەی پۆلێنکردنیان ( 2 تا 10 ) بێت وە پێناسی وەزارەتـی پـلان دانـان و یەکێتـی بەڵێندەرانی کوردستان یان عێراقیان (ئەوانەی کە تۆمارن لە هەرێمی کوردستان ) هەبێت.

2- بەڵێنامەی نووسراوی لە ئەستۆگر ( التعهد الخطي الضامن ) بەپێـی وێـنەی هـاوپێچ لە بەڵگەنامەکـانی تەنـدەر دا هەیە پێویسـتە لەکـاتی گەڕانەوەی تەندەر پڕ کرابێتەوە لەلایەن پێشکەش کاری تەندەر وە مۆر وواژۆی لەسەر بێت و پەسەند کرابێت لەلایەن فەرمانگەی داد نووس یان ب.کاروباری یاسا لە دیوانی ئیدارەی گەرمیان.

3- ماوەی کار پێ کردنی تەندەرەکان ( مدة نفاذ العطاءات ) (90) نەوەد ڕۆژە لە ڕۆژی کردنەوەی تەندەرەوە دەست پێ دەکات .

4- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکـان یـان هەبێت کە هـیچ کەم و کورتی یەکی یاساییان نیە .

5- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن ئەستۆپاکی باجی دەرامەتی ساڵی (2025) یان هەبێت .

6- فەرمــانگەی گرێبەســتکردن بــۆی هەیە پرۆســەی تەنــدەرین پــێش نووســراوی ســپاردن بــۆ بەرژەوەنــدی گشــتی بە هۆکــاری پێویســت هەڵبووەشێنێتەوە .

7- دەسەڵاتی گرێبەست پابەند نی یە بە قبوڵ کردنی کەمترین نرخی تەندەر.

**جــلال نــوری عبدالقـادر**

**سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان**